بەیار ئەبوبەکر یاریزانی یانەی وەرزشی دهۆک:

# هیوادارم یانەکانی خۆمان پتر پشت بە یاریزانانی کوردستان ببەستن



**بەیار ئەبوبەکر لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری هەولێرە و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی بەرگرییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کە لە یانەی برووسکەوە پێگەیشتووە، دواتریش رووی لە یانەی دهۆك کردووە و ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە لە ریزی یانەی دهۆك یاری دەکات، چەندین گرێبەستیش پێشکەش بەم یاریزانە**

*** بۆچی ئەمساڵیش لە یانەی دهۆك مایتەوە؟**

-هۆکارەکەی ئەوە بوو کە من پەیوەستم بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەی دهۆك هەمبوو،بۆیە نەمتوانی ریزی یانەکە بەجێبهێڵم.

*** بڕیارت نەداوە بگەڕێیتەوە شوێنی لە دایکبوونت کە هەولێرە؟**

-تاکو ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە، بەڵام لای من دهۆك و هەولێر هیچ جیاوازییەکی نییە وەکو یاریزان گرنگ ئەوەیە کوردستانە و منیش لە خزمەتی یانەیەکی کوردیم.

*** ئەمساڵ (٣) گرێبەستت بۆ هاتبوو، بۆچی رەتتکردنەوە؟**

-ڕاستە من لە یانەی زاخۆ و مینا و هەولێریش داوا کرابووم بۆ ئەوەی بچمە ریزیانەوە لەم وەرزەدا و لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی یارییان بۆ بکەم، بەڵام ماوەی گرێبەستەکەم لەگەڵ دهۆك ئەم وەرزەی ماوە.

*** ئاستی یانەی دهۆك لە ئێستادا چۆن دەبینی؟**


-ئاستی یانەی دهۆك لەم وەرزە زۆر باشە، بەڵام گرفتی گۆڵکردنمان هەیە، لەم بڕوایەشم و متمانەمان بە خۆمان هەیە کە لە قۆناغی دووەمی خولی نایابی عێراقی دەتوانین گۆڕانکاری بەسەر ئاستمان بهێنین و ئەنجامەکانمان شایستەتر بکەین و خۆمان لە ریزبەندی یانەکان زیاتر ببەینە پێشەوە، لە زۆربەی یارییەکانیش ئاستمان باش بووە .

*** کێ هۆکارە بۆ خراپیی ئەنجامی یانەکەتان لەم وەرزە؟**

-هۆکارەکەی ئەوە نییە بڵێم گرفتمان هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا ناتوانین گۆڵ تۆمار بکەین، ئەگەر نا هەموو یاریزانان ئاستیان باشە، جگە لەوەش قەیرانی دارایی زۆر کاریگەری هەبووە بەسەر ئەنجامی تیپەکەمان ئەوەش نابێ لەبیر بکرێت.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان زیاتر پشت بە یاریزانانی کورد ببەستن؟**

- زۆر لەگەڵ ئەو رایەم، چونکە یاریزانانی کورد هیچیان کەمتر نییە لە یاریزانانی بیانی، بۆیە ئەگەر گرنگی بە ئاستی یاریزانانی کورد بدرێت، دەتوانن ئەنجامی زۆر






**لاوە کراوە، بەڵام دەستبەرداری یانەکەی دەلال نەبووە، ئەمســـاڵیش لەلایەن هەر یەك لە یانەکانی باشوور و باکووری عێراق گرێبەســـتی پێشکەش کراوە، بەڵام ئەو ریزی یانەکەی جێنەهێشـــتووە، لەبەر خوێندنیش یاری بۆ هەڵبژاردەی نیشـــتمانی عێراق نەکردووە. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد و بەمشێوەیە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

شایســـتە بەدەست بهێنین، ئێستاش یانەکان ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکەن.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشـــت بـــە راهێنەرانی عەرەب و یاریزانانی دەرەوە ببەستن؟**

-ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەســـتەی کارگێڕیی یانەکان کە پشـــت بە چ راهێنەرێك و یاریزانێك دەبەستن، من دەڵێم با پیشـــەگەر هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نەبێت شوێنی یاریزانانی کورد لەق بێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

-هەموو هەوڵ و خەونی من ئەوەیە کە رۆژێك لە رۆژان لە یانەیەکی دەرەوەی عێراق یاری بکەم و بتوانم ئاســـتی راســـتەقینەی خۆم پێشکەش بکەم و سەری کوردستانیش بەرز بکەمەوە.

*** گرفتی یانەی دهۆك لە چیدا دەبینی؟**

-لە ئێســـتادا تەنیا گرفتی داراییە کە هەموو یانەکانی کوردستان پێوەی دەناڵێنن.

*** خۆشترین یادەوەری وەرزشیت چییە؟**

-ئـــەوە بوو یەکەمجـــار توانیم خۆم لە ریـــزی یانەکان بدۆزمەوە، هەســـتم دەکرد دەتوانم بەرەو پێش بچم و ئەوە دەروازەیەکی گرنگ بوو لە ژیانی من.

***بـــە چ یاریزانێك سەرســـامی لە ئاســـتی جیهان و ناوخۆ؟**

-میســـی ئەرجەنتینی هەریەك لـــە یاریزانان محەمەد حەمە خانی کاپتنی پێشـــووی یانەی برووســـك و خالید موشیر کاپتنی دهۆك.

***بۆچی چەنـــد جارێکـــە هەڵبژاردەی عێـــراق رەت دەکەیتەوە؟**

-راستە چەند جارێکە داوا دەکرێم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە من قوتابی پەیمانگای وەرزشـــیم لە شـــاری دهۆك، بۆیە ناتوانم پێوەندییان پێوە بکەم.

***ئەگەر شتێك مابێت باسی بکەی؟**

-بـــە هیوای ئەوەم لـــە دوای چاکبوونەوەی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، یانەکان دووبارە پارەیان هەبێت بۆ کڕینـــی یاریزانانی بەئەزموون، سوپاســـی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کـــە ئەوان بـــەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی وەرزشکارانی کوردستان دەکەن.

دیمانە: کارزان کانەبی


# میلانی ئیتاڵی چاوی لە ئادەم ماهری یاریزانی ئایندهۆڤنە

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاشکرایان کردووە یانەی میلانی ئیتالی هەوڵی ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی هۆڵەندی یانەی ئایندهۆڤن ئادەم ماهر لە ماوەی وەرزی گواستنەوەی زستانەی داهاتوو دەدات. لەمبارەیەوە رۆژنامەی لاگازیتا دیللۆ سپۆرتی ئیتالی روونیکردۆتەوە بەڕێوەبەری هونەری یانەی رۆسۆنیری سینیسا میهایلۆڤیچ بڕوای تەواوی بە تواناکانی ئەو یاریزانە بە رەچەڵەک مەغریبییە هەیە بۆ پتەوکردنی هێلی ناوەڕاستی یانەکە لە مانگی کانونی دووەمی داهاتوو. هەروەها ئەو رۆژنامە ئیتاڵییە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کارگێری یانەی میلان بڕی ١٢ ملیۆن پاوەندی ئامادە کردوو ە بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ ئادەم ماهری تەمەن ٢٢ساڵ ئەنجام بدات کە ئەستێرەیەکی لاوی هۆڵەندییە. ئادەم ماهر لە ماوەی ١٠ یاری لە وەرزی ئیستای خولی هۆلەندا توانیویەتی تەنها گۆڵێک بۆ ئایندهۆڤن تۆمار بکات. پێویستە بوترێت یانەی میلان لە ئێستادا لەپلەی شەشەمی ریزبەندی دێت بە کۆکردنەوەی ٢٠خاڵ لە رۆژی ٢١ ئەم مانگەش دەبێتە میوانێکی سەرسەختی یانەی یۆڤانتۆس لە لوتکەی یاریەکانی گەری سیانزدەی خولی کالچیۆ.

# ئینگلیزەکان وێڵی دانمارکییەکن

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان دووپاتیان کردەوە گەورە یانەکانی خولی ئینگلتەرا کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی تواناکانی یاریزانی دانمارکیی یانەی نۆردشیلاند ئیمری مۆر بەدەست بێنن. لەمبارەیەوە رۆژنامەی دەیلی ستار بڵاویکردۆتەوە ژمارەیەک یانەی گەورە لە نزیکەوە چاودێری ئەستێرەی دانمارکی تەمەن ١٨ ساڵان ئیمری مۆر دەکەن بۆ ئەوەی لە ماوەی گواستنەوەی داهاتوو بۆندی لەگەڵ ئەنجام بدەن. هەروەها بەپێی راپۆرتەکە یانەکانی چێلسی و لیڤەرپوڵ و مانچستەر یونایتد بە دوای ئەو یاریزانەوەن کە بە یەکێك لە یاریزانە سەرنجڕاکێشەکانی تیپەکان سەیری یاریەکانی هەڵبژاردەی خوار ١٩ساڵانی کیشوەری ئەوروپا دادەنرێت. هەروەها شارەزایان و دۆزەرەوانی دانمارك دەکەن کە لە بەرامبەر مالتا ئەنجامی دەدات .





# گواردیۆلا: ئەگەر براوەی سێ نازناو نەبین واتا هیچمان نەکردووە

یانەی بایەرن میونشنی ئەڵمانی لەم وەرزەی خولی بۆندیسلیگا، بە ١١ بردنەوە و یەك بەرامبەر بوون لە لوتکەی ئەو خولەدا جێی گرتووە. هەروەها یانەی بایەرن میونشن لە خولی چامپیۆنزلیگیش بە کۆکردنەوەی ٩ خاڵ لە لوتکەی ریزبەندی گروپەکەی خۆیدایە. لەمبارەیەوە پیپ گواردیۆلا راهێنەری یانەی بایرین میونشن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی: من دەزانم هاندەرانی یانەکەمان جیا لە بردنەوە بە هیچ شتێکی دیکە رازی نابن، بۆیە راهێنەرایەتیکردن لە یانەیەکی وادا کارێکی زۆر ئەستەمە». وتیشی: «کاتێك من راهێنەری یانەی بەرشلۆنە بووم، بە هەمان شێوە بەردەوام لە ژێر گوشاردا بووم، بۆیە من لەگەڵ ئەو دۆخە ئەستەمەدا راهاتووم، ئەگەر لەو وەرزەدا براوەی سێ نازناو نەبین لە بۆندیس لیگا، جامی ئەلمانیا و چامپیۆنزلیگ، بەپێچەوانەوە ئەوا واتا هیچمان نەکردووە.



# قەیرانی دارایی خانزاد لە دوو پاڵەوانێتی بێبەش دەکات

لەگەڵ ئەوەی ماوەی دووساڵە قەیرانی دارایی کوردستانی گرتۆتەوە و سەرجەم کایەکانی پەکخستووە، بواری وەرزشیش بەدەر نەبووە لەم قەیرانە، بۆیە یانەی خانزاد-یش کە ساڵانە بەشداری چەندین پاڵەوانێتیی دەرەوەی عێراقی دەکرد، بەڵام بەهۆی هاوکاری نەکردنی دارایی ئەمانیش دووچاری گرفت بوونەتەوە، یانەکەش دوو داوەتنامەی پێگەیشتووە لە هەردوو پاڵەوانێتی هەنگاریای نێودەوڵەتی و رووسیای نێودەوڵەتی، بەڵام نەبوونی توانایی دارایی تیپەکە بێبەش دەکات لەم دوو پاڵەوانێتییە.» لە بارەی بەشداری نەکردنیان لەم پاڵەوانێتییەش دلزار حەمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشی خانزاد بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند: «لە هەردوو وڵاتی رووسیا و هەنگاریا لە دوو پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی داوەتنامەمان بۆ هاتووە بۆ ئەوەی بەشداری بین لە پاڵەوانێتییەکان، بەڵام لەبەر نەبوونی توانای دارایی بێبەش دەبین، بڕیارە لەم مانگە و مانگی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوە بچێت لە ژێرناوەکانی فێرست ستائیری وڵاتی هەنگاریا و مۆسکۆی نێودەوڵەتی، ئێستاش دەبێت یاریزانان لەسەر ئەرکی خۆیان بچن، بۆیە تاکو ئێستا دیار نییە ئایا یاریزانان توانای ئەوەیان هەیە پارەی خۆیان سەرف بکەن، یان نا، تاکو ئێستاش کەس ئامادەیی خۆی نیشان نەداوە بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییانە لەسەر ئەرکی خۆی، یانەی خانزادیش ناوێکی گەورەیە لە یاریی شەترەنج لەسەر ئاستی جیهانیش ناوبانگی خۆمان هەیە و فیستیڤاڵی وەرزشی شەترەنجمان کردۆتەوە، بۆیە ناوبانگمان دەرکردووە، هەروەها پاڵەوانی عێراقین و خاوەنی چەندین یاریزان و ناوبژیوانی بەتوانایین، بەڵام هیچ لایەنێك بڕیاری هاوکاریی ئێمەی نەداوە لە بەشداری کردنمان لەم پاڵەوانێتییەدا، حکومەتیش تاکو ئێستا بۆ هاوکاری کردنمان رەزامەندیی نیشان نەداوە.»



# سیروانی نوێ خۆی نوێ دەکاتەوە

ماوەی چوار ساڵە سیروانی نوێ هەوڵی بەدەستهێنانی پلێتی گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند راهێنەرێکی گۆڕیوە بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجەکەی، بەڵام تاکو ئێستا ئەم یانەیە سەرەڕای پێشکەشکردنی ئاست و ئەنجامی شایستە نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە خولی یەکەمەکەی کوردستان و کۆتاییەکەی بە خێر نەگەڕاوەتەوە. لە کاتی ئێستادا رزگار عەلی سەرپەرشتی تیپی سیروان دەکات و چاوی لەوەیە چۆن نەورۆزی گەیاندە خولی نایابی کوردستان ئەو یانەیەش بەهەمان شێوە بگەڕێنێتەوە خولە گەورەکە، ئەمساڵیش یانەکە چەندین گۆڕانکاری کردووە لە ریزی یاریزانانی بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و گەیشتن بۆ ریزی یانە گەورەکان، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش رزگار عەلی راهێنەری سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ لەگەڵ دەستبەرکاربوونم گۆڕانکارییەکی زۆرم کردووە لە ریزی یاریزانان و نیوەی زیاتر یاریزانانی تازەمان هێناوەتە تیپەکە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەین بۆ ئەم خولە و (٥) یاریزانی هەڵەبجە و (٢) یاریزانی قەزای دوکان و زیاتریش پشتم بە یاریزانانی قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی بەستووە، (٧) یاریزانیش ریزی تیپەکەیان جێهێشتووە، چەند یاریزانێکیش چوونەتە دەرەوەی وڵات، ئێمەش دەستمان بە مەشقەکانی خۆمان کردووە و رۆژانە لە شاری سلێمانی بەردەوامین لە ئەنجامدانی یەکەی مەشقی، ئێمە ئەمساڵ ئامانجی خۆمان هەیە لە خولی پلە یەکی کوردستان بۆیە چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و لە یاریزانانی خۆشمان رادەبینین کە بتوانین هەموو بەیەکەوە ئەم ئامانجە بپێکین لە خولەکە، جگە لە گرفتی داراییش گرفتی ئەوتۆمان نییە کە شایەنی باس کردن بێت، چونکە یانەکان ئێستا سەرجەمیان ئەم گرفتەیان هەیە.»

# دهۆک بە دوای ڕاهێنەرێکی بەتوانادا دەگەڕێت

لەگەڵ ئەوەی سەرەتای ئەم وەرزە دهۆکییەکان بە هیوای ئەوە بوون بە هەمان سیناریۆی وەرزی ڕابردوو بتوانن بە کوڕانی شارەکە و بە ڕاهێنەرێکی عەرەب کێبڕکێ لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لە خولی نایابی یانەکانی عێراق، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی خولەکە و دوای ئەنجامدانی هەشت یاری سائیر جەسامی ڕاهێنەری یانەکە نەیتوانی گوڕانکاری بەسەر ئاستی یانەی دهۆکدا بهێنێت و لە کۆی ئەنجامدانی هەشت یاری، یانەکە توانی چوار خاڵ کۆبکاتەوە و ئێستا لە دوایین ڕیزبەندی یانەکان دێت، ئەم ئەنجامەش دڵگرانیی هاندەرانی یانەکەی لێ کەوتەوە تاکو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاهێنەری ناوبراو بە ناچاری و بە بیانووی خراپیی باری دارایی دەستی لە مەشقی یانەکە بەردا و دهۆکییەکانیش بە دوای ڕاهێنەرێکی بەتوانادا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستی یانەی دهۆك بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی و دهۆکیش بە گەورەیی بمێنێتەوە. محەمەد عەلی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی دهۆك لە بارەی هێنانی ڕاهێنەرە کاتییەکە و گەڕان بە دوای ڕاهێنەرێکی دیکەدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە دوای ئەوەی ئەنجامەکانمان لەم قۆناغە وەکو پێویست نەبووە لە هەشت یاری ڕابردوودا نەمانتوانیوە هیچ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین و لە ڕیزبەندی یانەکانیش لە دوایین پلەکانی ڕیزبەندیی یانەکانین، بۆیە ڕاهێنەری ناوبراو بە بیانووی گرفتی دارایی خۆی داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد، دەستەی کارگێڕیش ڕەزامەندیی لەسەر نیشاندا، بۆیە ئێمەش کۆمەڵێك ناو هەبوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لە خولی نایابی عێراقی، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی ڕاهێنەری خولی کوردستانی خۆمان ئاشتی مستەفا و هەرمان ساڵح وەکو دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەمان دیاری کردووە، تاکو ڕاهێنەرێك دیاری دەکەین، بەرنامەشمان هەیە کە بتوانین ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون دیاری بکەین و دهۆك بگەڕێنیتەوە دۆخی جارانی و ئێستاش چەندین ناو لەبەر دەستمانە، بەڵام تاکو ئێستا خۆمان یەکلایی نەکردووەتەوە.»

